# کانت و ئیستێتیکا

## (١٧٢٤ - ١٨٠٤)

د. راوية عبدالمنعم عباس
لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحید بەگ

کانت بە یەکێک لە مەزنترین پێشەنگەکانی جوانیناسی دەژمێردرێت، بەڵکوو یەکێکە لەو دامەزرێنەرانەی نابێت رۆڵە مەزن و پێشەنگانەکەی فەرامۆش بکرێت. ئالان لە پێشەکی کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بیست وانە لە هونەرە جوانەکان) ستایشی ئەو هەوڵانەی کرد کە لە بواری جوانیناسییەکاندا داویانە و تێیدا دەڵێت: «لە جوانیناسیدا دوو نووسەر هەن، ناتوانرێت فەرامۆش بکرێن، چونکە رێگەیان بۆ ئەوانەی دوای خۆیان خۆش کرد، مەبەستیشی لەمە کانت و هیگڵە، یەکەمی لە شیکردنەوەی ئەوپەڕی جوانی و دڵگیرییەوە سەرکەوت بە جیاکردنەوەی نێوانیشیان گەیشت».


کانت لەبارەی تیۆرییەکانی جوانییەوە لە کتێبە بە نرخەکەی (رەخنەی حوکمدان)دا کە بە پێشەکییەکی دەست لێ هەڵنەگیراوی جوانیناسی دەژمێررێت، تێیدا هێڵە سەرەکییەکانی تیۆرییەکەی لە جوانیدا دارشتووە، گرنگی پێدانەکەی بۆ ساڵی (١٧٦٤) دەگەڕێتەوە، کاتێک وتارێکی بەناوی (چەند تێبینییەک دەربارەی هەستکردن بە جوانی و شکۆ) نووسی، پاشان بیرۆکەکانی لەبارەی سروشتی رێژەیی نێوان بەشەکانی لاشەیەکی قەبە گەڵاڵەبوون.

کانت بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بلینتز و (وۆڵف)دا بوو، بە تایبەت لە بابەتی دووانەیی (ئاوەز و ویست)دا، کەچی خوێندنەوەی بۆ مێندلسۆن، بوونی هێزێک، یان تواناییەکی سێیەمی مرۆییە ئەویش توانایی ئەو ویژدانەیە

وامان لێ دەکات هەست بە چێژ، یان ئازار بکەین.

بەم شێوەیە کانت ڕووی کردە گەڕان بە دوای توخمە بەراییەکانی سەر ئەزموونکردنەوە، بۆیە لە بیرۆکەی (ڕەخنەگرتن لە چێژ)ەوە گواسترایەوە بۆ بیرۆکەیەکی دیکە کە پێوەندی بە (ڕەخنەگرتن لە حوکمدان)ەوە دەبێت. بەم جۆرە توێژینەوەکەی لە فەلسەفەی جوانیدا دوو پرسی گرنگ دەگرێتەوە، ئەوانیش هەردوو بیرۆکەی جوانی و مەبەستگەراییە، یان حوکمدانی جوانییە، هەروەها ڕەخنەگرتنە لە حوکمدانی مەبەستگەرایی، کانت وشەی (ئیستێتیکا)ی لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی (ڕەخنەی ئاوەزی پەتی)دا بەکارهێنا، مەبەست لێی توێژینەوە و ڕاڤەکردنی شێوەکانی دەروونییە بۆ ئەو زانین و هەستەی واتای هەردوو گوتەزای کات و شوێن (الزمان والمكان) دەدات، کەچی ئەم وشەیە لە کتێبەکەیدا (ڕەخنەی حوکمدان) بۆ لێکۆڵینەوەی بڕیارەکانی هەڵسەنگاندنی جوانی دەگۆڕێت.

کانت دوای ئەوەی سروشتی لە ئازادی، زانین لە کارکردن، یاساکانی هۆکاریتی لە یاساکانی مەبەستگەرایی جیاکردەوە، هەوڵی دا پێوەندییەکیان لەنێواندا بهێنێتەکایەوە، لە کتێبەکەیدا (ڕەخنەی حوکمدان) دەڵێت: «چۆن - لە ڕێگای هزرەوە - دەتوانین هۆکاریتی بخەینە ژێرباری مەبەستگەراییەوە؟»، یان بە واتایەکی دیکە «چۆن دەتوانرێت سنوورێکی ناوەندی لە نێوان سروشت و ئازادیدا بهێنرێتە کایەوە؟». مێژووی هزری فەلسەفی پێش کانت دوو جۆرە چێژی بەخۆوە دەبینێت ئەوانیش: (چێژی خودی)یە کە خۆی لە ماتریاڵی هەستکردنەوە دەنوێنێت، بە تایبەتمەندیی تاکگەرایی و چێژی هەمەکی و پێویست جیادەبێتەوە، فەلسەفەی جوانیی پێش کانت جارێک چێژ بۆ تام، جارێکی دیکە بۆ بڕیاردان گەڕاندووەتەوە، بەڵام



**کانت**

کانت ڕۆڵی لە دۆزینەوەی چێژدا، یان بڕیاردان هەستەکییەوە دەبێت، کە دوایین گەشەسەندنی چێژە، لە ڕەخنەی حوکمداندا کە ڕەخنەی سێیەمە لە دوای ڕەخنەی ئاوەزی پەتیی زانستییەوە ئەمەی دەربڕیوە. بەم جۆرە توانایی سێیەم بە ناوی هەستکردن بە چێژ، یان ئازار بووەتە بنەمای سێیەمی چێژ، وەک چۆن بووەتە بیرۆکەی بنچینەیی کتێبی (ڕەخنەی حوکمدان)، ڤیکتۆر باش دەڵێت: ڕەنگە بیرۆکەی هەستی بەجێیی ڕەوشتی بە کانگای دووەمی زانستی ڤیکتۆر لەلای کانت بژمێررێت. ئەو کەسەیە لە ڕەخنەی حوکمداندا بەو هەستەی لە دوو ئاوەزی پەتیی زانستی و پەتیی تیۆریدا دەرناچێت، بەڵکوو لە توانایی حوکمدانەوە دەردەچێت، بە هەستکردن بە چێژ، یان ئازار لە ڕێگەی تێڕوانینە بەراییەکانەوە ناسراوە.

## ئیستێتیکا لەلای کانت لەنێوان بیرۆکەی سروشتگەرایی و جیهانی ئازادیی ڕوحیدا

کانت لە ڕاڤەی بنەمای سێیەمدا لە بەرهەمی (ڕەخنەی حوکمدان)دا پێی وایە بیرۆکەی مەبەستگەرایی کە جیهانی ئازادیی ڕوحی

بەڕێوە دەبات، دوای ئەوە لەلای گەشە دەکات بۆ قۆناغی هەمەکی، ئەمەش ئەو قۆناغەیە دیدگای کانتیزمی تێدا بۆ جوانی دیاری دەکرێت. کاتێک مەبەستگەرایی بە بەردەوامی خۆی بە ناوەندێکی کارا و جەختکەرەوەی نێوان جیهانی سروشت و جیهانی ڕوح و نێوان بوارەکانی ئەندێشە و تێگەیشتن و ویژدان و ویستدا دەسەپێنێت.

## ناواخنی ڕەخنەی حوکمدان

کتێبی (ڕەخنەی حوکمدان) لە ناواخن و بیرۆکەکانیدا نوێیە، کە دابەشی دەکات بۆ پێشەکی: کانت تێیدا شرۆڤەی هەوڵەکەی بۆ کۆکردنەوەی نێوان دوایین بەرهەمەکانی لە ڕەخنەدا دەکات، بەڵام بەشی تایبەت بە توێژینەوە لە جوانییەکاندا بریتییە لە (ڕەخنەی حوکمدانی جوانی) بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشی دەکات، ئەوانیش: شیکردنەوەی بڕیاری جوانی و دیالەکتیکی بڕیاری جوانییە، بەشی دووەمیش پەیوەست بە ڕەخنەی بڕیاری مەبەستگەرایی دەبێت. وەک چۆن گرنگی بە گەڕان لەبارەی مەبەستگەرایی بابەتیی لە سروشتدا دەدات، کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نییە، بەڵام بەشی یەکەمی بریتییە لە شیکردنەوەی بڕیاری جوانی کە بۆ دوو بەش دابەش دەبێت، ئەوانیش: شیکردنەوەی دڵگیری و جوانییە. بەشی یەکەمەکەی بۆ چوار بەش دابەش دەبێت یەکەمیان پەیوەستە بە بڕیاردانی چێژ لە دیدگای بڕیاردانەوە، بەڵام دووەمیان پەیوەستە بە بڕیارەکانی چێژ لەژێر ڕۆشنایی پێوەندییەکدا، لە کاتێکدا بەشی چوارەم پەیوەستە بە بڕیاردان لە چێژەوە بەپێی ڕوویەکەوە. ئەگەر شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم چوار دەستەواژەیەی پەیوەست بە حوکمدانی چێژ لەبەرچاو بگرین، ئەوە دەبینین سەبارەت بە یەکەمەوە، واتە پەیوەستە بە حوکمدان لە چێژ لە ڕوانگەی چۆنییەتییەوە، سەیردەکەین کانت هەستی تێربوونێکی جیا بۆ بڕیارێکی وردی چێژ شی دەکاتەوە، کە هەستکردنێکی ئەبستراکتی بێ مەبەستە و هیچ ئامانجێکی بەدواوە نییە، دوای ئەوە هەوڵ دەدات هاوسەنگی نێوان وێنەکانی تێربوونی جوانی لە چێژ و تام و چاکەدا بکات و کۆتاییەکەی بە پێناسەکردنی جوانی دوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ یەکتریدا کۆتایی پێ دێنێت، ئەم پێناسەکردنەی چێژە لەلایەنی چۆنییەتییەوە پوختە دەکات: «واتە چێژ توانایی بڕیاردانی ڕازی بوونە، یان ڕازینەبوونە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بە مەرجێک ئەم بڕیاردانە لە مەبەست و بابەتی تێربوونەکەش دوور بێت، لەم دۆخەدا بە جوانی ناودەبرێت»، بەڵام حوکمی چێژ لە لایەنی حوکمدانەوە تێیدا کانت لە ڕووی گوتەزای دووەمەوە سەیری چێژ دەکات، ڕوونی دەکاتەوە جوانی خۆی وەک بابەتی تێربوونێکی پێویست دەنوێنێت، چێژ هەستکردنی بە چێژ دەگرێتەخۆ، وەک چۆن حوکمدانێک دەگرێتەخۆی تێیدا ڕوون نابێت کامەیان لە پێشترە، بەم شێوەیە پێناسەی دووەمی جوانی لە دەستەواژەی یەکەمەوە وەرگیراوە: «ئەو جوانییەی بە شێوەیەکی هەمەکی چێژ دەهێنێت، بەبێ تێڕوانین»، بەڵام دەستەواژەی سێیەمی بڕیارەکانی چێژ لە ڕووی پێوەندییەوە کانت ڕوون دەکاتەوە، تا چ سنوورێک بڕیاری چێژ لەسەر بنەما سەرەتاییەکانەوە دادەمەزرێت، وەک چۆن سەربەخۆبوونە تەواوەکەی لەبارەی پەلکێشی و هەڵچوون، هەروەها لەبارەی تێڕوانینی کامڵبوونەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەوە خۆی لە مۆدێلی جوانیدا دەنوێنێت: «تەواوترین ڕێککەوتنە لە هەموو کاتێک و لەلای هەموو خەڵکیدا». دەستەواژەی چوارەمی چێژ و پەیوەست بە ڕوویەکەوە لە ئەنجامی تێربوون لە بابەتێک دەرچووە، پێویستی ڕەزامەندبوونی گشتی وێناکراو لە بڕیاری چێژدا پێویستییەکی خودییە، بەڵام خۆی لە شێوەی

بابەتێکدا دەنوێنێت کاتێک هەستێکی هاوبەش دەیسەپێنێت، کانت ئەم دەستەواژەیە بە دوایین پێناسە کۆتایی پێ دێنێت کە: «جوانی ئەوەیە بابەتێک ددانی پێدا دەنێت بۆ تێربوونێکی بەبێ تێڕوانین».

بەم جۆرە حوکمی جوانی لە لای کانت بە لە پێشینەیی و پێویستی (الأولویة والضرورة) ناوبراوە، لەسەر خودی بابەتەکانیش دانامەزرێت، بەڵکوو لەسەر خەڵکی، یان لە خوددا کە ئامرازی هێنانەدی گونجانە، یان تەنیا هاوئاهەنگی نێوان هێزی دەروون و تواناییەکانیەتی دادەمەزرێت، لێرەوەشە لە پێشینەییەکەی و پێویستییەکەی و هەمەکییەکەیدا هاتووە، واتای ئەمەش ئەوەیە بڕیاری بابەتی لەلای هەموو کەسێک و لە هەموو کات و شوێنێکدا بڕوای پێ دەکرێت، کانت وای دەبینێت شتێکی جوان لە ڕەهەند و سنوور و لە هەموو وێنەیەکی بەشەکی کۆتایی پێهاتوودا دەردەکەوێت، دەکەوێتە سنووری توانایی پەی پێ بردنە ئاوەزییەکانمانەوە، لە کاتێکدا ئێمە ئەوپەڕی جوانی، یان شکۆ بەو شتە باس دەکەین کە پەی پێ بردنە ئاوەزییەکانمان، یان سنووری توانایی پەی پێ بردنەکانمان تێدەپەڕێنێت، ئەوجا ئەگەر جوانی بوونی لە سروشتدا هەبێت، ئەوە ئەوپەڕی جوانی شوێنی لە هزر و تێگەیشتنە تایبەتەکەماندا دەبێت. بەم جۆرە فەلسەفەی جوانیی کانت گوزارشت لە گونجان و سیستم و هاوئاهەنگی دەکات، ئەمەشیان خۆی لە جوانیی تێگەیشتنمان لە بواری سروشتدا دەنوێنێت، لە کاتێکدا سەرسامیمان بۆ بواری کۆتایی پێنەهاتوودا بۆ هەستکردن بە شکۆ و دڵگیری دەگەڕێتەوە.

لەمیانەی ئەوەی پێشووەوە لە خستنە ڕووی فەلسەفەی جوانیی (کانت)ـەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە چەمکی جوانی لە فێرگەکەیدا پەیوەستە بە هێنانەدی جۆرێک لە بەختەوەری کە لە کۆکبوون و گونجانی نێوان ئەندێشەکردن و ئاوەزمانەوە دێت، ئەم کۆکبوونەش بەسە بۆ پێناسەکردنی جوانی، بەڵام باڵابوونیش بەهایەکی ڕاستەقینەیە، وێڕای ئەوەی لەوەدا دژوازی هەیە، چونکە ئەندێشە و ئاوەز لە ململانێیەکی بەردەوامدان، هەر یەکێک لە هەست و ئەندێشە بەبێ هوودە سوورن لە بەدەستهێنانی ئەم گەورەیی و هێزە بێکۆتاییە، کە ئاوەز دروستی دەکات، جا چ باڵابوونێکی ئەژماری بێت، کە باڵابوونێکی گەورەییە، یان باڵابوونێکی دینامیکییە، کە باڵابوونی هێزە، بەم شێوەیە گیان لەم هەڵچوونەدا، یان هەستکردنە بە بەختەوەری و دڵتەنگییەدا لە ململانێدا دەبێت، بەڵام بلیمەت بەهۆی هێزێکی ناوەکی لە سروشت وەرگیراوەوە کە یاساکانی هونەر دادەنێت، دەتوانێت نێوانیان کۆبکاتەوە. بێگومان کانت بیرۆکە سەرەکییەکانی ڕۆمانسییەتی چارەسەر کرد، ئەو ساڵەی کتێبی (ڕەخنەی حوکمدان)ی تێدا چاپ کرد، کە لەو کاتەدا ڕۆمانسییەت لە لانکەیدا بوو. وێڕای ئەوەی ئەو سەردەمە کارێکی هونەری خاوەن بەهایەکی باڵای بەخۆوە نەبینی، کەچی گرنگی پێدانەکان ڕوویان کردە لێکۆڵینەوە جوانیناسییەکان، بەڵام ئەم کتێبە ئاماژەی بۆ جوانیناسی سروشت و ئەو تایبەتمەندییە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسییەت کردووە.

**سەرچاوە:**

**د. راویة عبدالمنعم عباس، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الإسکندریة، مصر، لاپەڕە ١٥٤ - ١٦٠.**